بسم الله الرحمن الرحيم

هەرچەندە مرۆڤ لەم دونیایە بژی و هەرچەندە تەمەنی درێژ بێت و لەزۆنگاوی ئارەزووەکانیدا تێر تێر بنۆشێ و بەدرێژایی ڕۆژگار شوێنکەوتووی خۆزگەکانی بێت, چارەنووسی یەک چارەنووسەو نەگۆڕە ئەویش ((مردنە)).

بێ گومان ئەم چارەنووسە چارەنووسی هەموو مرۆڤێکە کەدەرچوون و خۆحەشاردان لێی ئەستەمە وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ﴾ (سورة العنكبوت:٥٧), واتە: هەموو کەس دەبێت مردن بچێژێت (کەی ، لەکوێ ، بەچی خوا نەبێت کەس نازانێت) لەوەودوا تەنها بۆ لای دەگەڕێنەوە .

وە هەروەکو شاعیریش دەڵێت: کل ابن أنثى وإن طالت لاسلامته

یوما علی آلة الحدباء محمول.

واتە: مرۆڤ هەرچەندە ساغ و سەلامەتیش بێت

ڕۆژێك دێت لەنێو تابوتدا بەسەرشان ببەن بۆ گۆڕستان.

ڕۆژێکە کەهەموو دروست کراوەکانی خودا دەگەڕێنەوە بەردەستی ئەو بۆ ئەوەی ووردو درشتی کردەوەکانیان لێ بپرسێت لەم دونیایە کەئەنجامیان داوە. ﴿ وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ..... ﴾

واتە: (خەڵکینە) لە سزاو تۆڵەی ڕۆژێك بترسن کە تیایدا بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە .

* بەڵێ بەڕێزان مردن چارەنووسێکە هەرچەندە ئێمە ئەومان لەیاد کردووە بەڵام ئەو ئێمە لەیاد ناکات, ئەو ڕۆژە دوایەمین ڕۆژەکانی ژیانە, ئەو ساتەیە کەقورگت ووشك دەبێت.

* باش بزانەو بەئاگابە هیچ ڕۆژێك وەکو ئەو ساتە نی یە کە لەسەرەمەرگیت. ڕۆژێکە کەخوا نووسیویەتی لەچارەنووسی هەموو بچوکێك و گەورەیەك وەهەموو چاکەکارێك و خراپەکارێك.

* مردن ئەو کەشتییەیە کەدەتگوازێتەوە لەکەناری دونیاوە بۆ ناوەڕاستی گۆڕ وەهەرکەسێك بەپێ ی کردەوەکانی.

* مردن ئەو ساتەیە کەمرۆڤ لەدواترۆکاندنی چاوی دەڕوانێتە هەموو شتەکان بەتایبەتی بۆ منداڵەکانی و کەس و کاری, بۆ هەموو ئەوانەی



کەلای دانیشتوون وەلەسەر ڕوخساری هەموو نیشانەکانی مردن دەردەکەون و لەنێو دڵیدا هەموو حەزو ئارەزووەکانی دەخنکێن.

* مردن ئەو پێوەرەیە کەبێ نرخی دونیای پێ دەپێوین.

* مردن ئەو ساتەیە کەئازارت دەدات لەهەر چرکەیەك کەلەتاواندا بەسەرت بردووە. ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ٩٩ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ١٠٠ ﴾ (سورة المؤمنون:٩٩_١٠٠)

, واتە: (خوانەناسان بەردەوام لەسەر ڕێبازی چەوتیانن) ، هەتا ئەو کاتەی مردن یەخەیان دەگرێت ، ئەوسا هەریەکەیان دەڵێت : پەروەردگارە بمگێڕەوە بۆ دنیا بەڵکو چاکە ئەنجام بدەم و کاری باش بکەم و ئەو هەلانەی کە لە دەستم چووە لەمەودوا لە دەستی نەدەم ، (بەڵام تازە کار لەکار ترازاوە ، شتی وا مەحاڵە ، بۆیە بەتوندی پێی دەوترێت) : نەخێر ، ئەوە قسەیەکە ئەو بۆ خۆی دەیڵێت ، بەڵکو دەبێت لە جیهانی بەرزەخدا ، لە نێوان مردن و زیندوو بوونەوەدا تا کاتێك زیندوو دەکرێنەوە چاوەڕێ بێت

* مردن ئەو چرکانەیە کەفریشتەی گیان کێشان لێت نزیك دەبێتەوە بانگت دەکات بۆ بەهەشت یان دۆزەخ.

* مردن تەنهایی یە, تەنهایی گۆڕو کفنە.

**خوێنەری بەڕێز:** بیهێنە پێش چاوت کەتۆ ئێستا لەسەر جێگا ڕاکشاویت و لەسەرەمەرگی و چاوەڕێی فریشتەی گیان کێشانی و دوای چەند ساتێکی تر ڕوحەکەت لەلاشەت جیادەبێتەوەو دەردەچێ و ماڵئاوایی هەتاهەتایی لەدونیا دەکەیت, ماڵئاوایی لەخزم و کەس و کارو هاوڕێکانت دەکەیت وەپاشان پاك دەتشۆنەوە دواجار بەکفنی سپی بەرگت بۆ دەدوورن و پاش چەند خولەکێك نوێژت لەسەر دەکەن و بەرەو گۆڕ بەڕێت دەخەن و لەدوایی ناشتنت ماڵئاواییت لێ دەکەن و بەتەنها خۆت دەبیتە میوانی گۆڕ, تەنها خۆت و بەس کەست لەگەڵ نامێنێ نەباوك و نەدایك و نەخێزان و نەمنداڵ و نەبراو نەخوشك و.. هتد.

ئێستا کەتۆ لەناو گۆڕیت بەتەنها لەمەنزڵگای غەریبانی ئەگەر چاکەخواز بیت ئەوە بێ گومان گۆڕەکەت پڕ دەبێت لەنازو نیعمەتی خوایی بەڵام بەپێچەوانەوە ((خوا پەنامان بدات)) ئەگەر لەکۆمەڵی خراپەکاران بیت



ئەوە گۆڕەکەت دەبێتە شێوێك لەشێوەکانی دۆزەخ.

* بەمردن لاپەڕەکانی ژیانت داخرانەوەو جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ ژیانی دونیا.

خۆشی یەکان و ڕابواردن و حەزەکان و هیواکان سڕانەوە ئێستا چاوەڕێی سزاکانی دەبیت.

**خوێنەری خۆشەویست:** چەندەها ساڵت لەژیانی ئەم دونیایە لەدەست چووە لەخوداپەرستی و خواناسی, بیربکەرەوە چەندەها نوێژت لەکیس چووە, چەندەها ڕۆژووت نەگرتووە, چەندەها چاکەت لەهەل چووە, چەندەها... چەندەها.. هتد ! ! .

ئێستا تۆ لەناو ئەم گۆڕەدا ئاهی پەشیمانی هەڵئەکێشی بەڵام تازە بێ سوودە..

گۆڕیش یان دەبێتە ڕایەخەی بەهەشت یان ڕایەخەی دۆزەخ. بڕیار بەدەستی خۆتە ئەگەر ئەتەوێت بەهەشت, دەی کردەوەی چاك ئەنجام و سازبدە, وەئەگەر نا ((دۆزەخ))ی پڕ لەچەرمەسەریی و بەدبەختی و ئازاری کوشندە چاوەڕێتە.

**ئەی ئیمانداری بەڕێز :**

لەدوای ژیانی ناو گۆڕ پاشان ڕۆژێك دێتە پێش کەئەویش ((ڕۆژی دوایی))یە. ئەو ڕۆژەیە کەخەڵکی چارەنووسی بەهەتا هەتایی دیاری دەکرێت, ئەو ڕۆژەیە کەزەوی و ئاسمانەکان دەگۆڕێنەوە بەزەوی و ئاسمانی تر کەتەنها خوا خۆی ئەزانێ و هەموو دەچنەوە بەردەستی ئەو لەو ڕۆژەدا هیچ کەسێك ناتوانێت سوود بەکەسێکی تر بگەیەنێ و پاڵپشتی بکات, ئەو ڕۆژەیە کەخەڵکی لەنێو گۆڕەکانیان دێنە دەرەوەو بەرەو پەروەردگار دەکەونە ڕێ بەڕووتی.. لەوێ تیرەگەری و تایفەگەری بایەخی نی یە, لەوێ ماڵ و سامان گرنگی نی یە, وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ١٠١ فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٠٢ وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فِي جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ١٠٣ تَلۡفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ وَهُمۡ فِيهَا كَٰلِحُونَ ١٠٤ ﴾ (سورة المؤمنون:١٠١_١٠٤),

واتە: کاتێك فووو دەکرێت بە —صور— دا ئەوە هیچ پەیوەندیەکی خزمایەتی لەو ڕۆژەدا نی یە و کەس لە کەس ناپرسێتەوە * ئەو کەسەی

* تەرازووی چاکەکانی قورس بێت ، ئا ئەوانە سەرفراز و سەرکەوتوون بەڵام ئەو کەسەی تەرازووی چاکەکانی سووک بێت ، ئەوانە ئەو کەسانەن خۆیان لەدەستداوە و خۆیان خەسار و ڕیسوا کردووە ، دەبێت هەر لە ناو دۆزەخدا ژیانی نەبڕاوە ببنە سەر * بڵێسەی ئاگر چڕوچاویان دەبرژێنێت ، هەموویان لێویان هەڵقرچاوە و دانیان ڕیچ دەبێتەوە (دیمەنیان سامناکە)

* ڕۆژی دوایی ئەو ڕۆژەیە کەخەون و خەیاڵەکان هەمووی بەتاڵ دەبنەوە, ئەو ڕۆژەیە کەتێنووسی کردەوەکانت بەچاوی خۆت دەبینی, ئەو ڕۆژەیە کەمرۆڤ لەدەستی دایك و باوك و براو هاوسەرو منداڵی هەڵدێ و دەڵێ تەنها خۆم.. تەنها خۆم..

* ئەو ڕۆژەیە کەستەمکاران و دەسەڵاتداران هەرچیان هەبێ دەیکەنە قوربانی تەنها لەبەرئەوەی لەدەستی دۆزەخ ڕزگاریان بێت.

ئەی ئەو کەسەی سەرپێچی پەروەردگارت کردووەو یاخی بووی لەفەرمانەکانی, لەیادت نەچێت ڕۆژێك دێت لەبەردەستی پەروەردگارت ڕادەوەستیت لەپاش ئەوەی بانگ دەکرێی لەنێو هەموو خەڵکدا بەناوی خۆت دەچیتە بەردەستی پەروەردگارت بەتەنهایی, ئەبێت ئەو ساتانە بەلاتەوە چۆن بێت کەڕاوەستاویت و بەدەستت تێنووسی کردەوەکانت توند گرتووەو بەچاوی خۆت هەموو لاپەڕەکانت خوێندۆتەوە کەپڕ بووە لەتاوان و سەرپێچی.

بەڕێزم سوێندت دەدەم بەپەروەردگار شەرم لەخودا ناکەیت؟ ئەو خودایەی هەموو نازو نیعمەتێکی بەسەرت داباراندووە کەچی تۆش بەو شێوەیە سوپاسی نیعمەتەکانی دەکەیت!

بەڵێ لەم ساتانە کەبەتەنهایی لەبەردەستی پەروەردگارت ڕاوەستاویت هەموو وێنەی تاوانەکانت دێتەوە یاد کەئەنجامت داوە بەرامبەر بەپەروەردگار, ئەو پەروەردگارەی کەبەدیهێنەری زەوی و ئاسمانە.

**براو خوشکی بەڕێزم :**

وەڵامت چۆن دەبێت ئەگەر پەروەردگارت پێی ووتی: ئەی بەندەکەم.. باشە بۆ منت بەگەورە نەزانی؟ باشە بۆ شەرمت لەمن نەکرد؟.. باشە نازو نیعمەتم پێ نەبەخشیویت؟ دەرەنجام بۆ یاخی بوویت و لەفەرمانەکانم دەرچوویت؟



**خوێنەری بەڕێز :**

ڕۆژێك دێت کەخواناسان لەگۆڕەکانیان دێنە دەرەوە بەڕوویەکی سپی و گەشەوە کەنێو چاوانیان دەدرەوشێتەوە لەدەرئەنجامی کردەوە چاکەکانیان وەفریشتەکانی خوا پۆل پۆل دێنە پێشوازییان...

وەخوای پەروەردگار بەفریشتەکانی دەڵێت: ئەی فریشتەکان بەندەکانم ببەن بۆ بەهەشت بۆ ئەو جێگەیەی کەپڕە لەنازو نیعمەت.. ئەو جێگەیەی کەمەڵبەندی ڕازی بوونی خۆمە ئیتر لەم ساتە بەدواوە ناخۆشی و ناڕەحەتی و نەخۆشی نامێنێ.. لەبەرامبەر ئەمەشدا بیربکەرەوە دەبێت حاڵی خوانەناسان چۆن بێت, خوای پەروەردگار بەفریشتەکانی دەڵێت: ئەی فریشتەکان ((خوانەناسان و ئەوانەی سەرپێچی منیان)) کردووە بیانبەن بەرەو دۆزەخ.. بەرەو ناڕەحەتی و بەدبەختی و ناخۆشی..

لەو ساتانەدا دەبێت حاڵی ئەو کەسانە چۆن بێت؟! لەو کاتەدا دڵی مرۆڤی خوانەناس دەکەوێتە خورپەوەو جەستەی هەمووی دەلەرزێ و پەشیمان دەبێتەوە لەو کردەوە خراپانەی کردوویەتی لەدونیا.. لەهەموو ساتێکی دا سەدان جار هەناسەی ساردی پەشیمانی هەڵئەکێشێ بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی دونیا تاوەکو جارێکی تر تاوان نەکات و بڕیار بدات ملکەچی فەرمانەکانی خوا بێت بەڵام سەد مەخابن تازە بڕیاری چارەنووسی هەتاهەتایی دراوە کەئەویش ((ئاگری دۆزەخ))ە.

**زەنگی ئاگادارکردنەوە**

ئەی خوێنەری خۆشەویست ئێستا کەتۆ چاوت خستۆتەسەر ئەم چەند دێڕەو ئەم نووسراوە دەخوێنیتەوە دیارە هێشتا هەناسەت لەبەر ماوەو ژیانت کۆتایی نەهاتووە ئەبێت ئاگادارو چالاك و وریا بیت.. بەردەوام بە لەسەر خواناسی و خواپەرستی ئەگەر تاوانێکت ئەنجام داوە هەر ئێستا پەشیمان بەرەوەو بگەڕێوە بۆ لای خوای باڵادەست. تاوەکو لەزۆنگاوی تاوان دەرباز بیت و بەرەو کەناری خۆشبەختی هەنگاو هەڵنێی.

**بۆ دەستکەوتنی هەر کتێب و نامیلکەیەکی نوێ سەردانی**
**﴿ سایتی بەهەشت﴾ بکە**
**www.ba8.org**



{كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ }

# دوا وێستگەی ژیانی دونیا

# مردن

ئامادەکردنی پێشڕەو محمد

www.ba8.org
چاپی حەوتەم